# قەفەزێك لە هەتاو



**ئۆژین عزەت**

باوەش مەكە بەوەرزێكدا كە نازانێت

رۆحی تۆ لە شوشەیە یان غوبار

سینەت رامەخە بۆ ئاسمانێ

كە سەراب و شەتاو لێكجیاناكاتەوە

تۆ بەدیار گوڵێكی تاریك دەبیت بە بەردو

من گوڵێكی تاریك ئەمكوژێت!

ئاه.. كەی خوێنمان بڕێژینە ناو یەكدیو

سێبەریشمان بەیەكترەوە گرێبدەین..

تۆ تەنها لە مندا بە بەهەشت دەگەیتو

من له تۆدا بەعەدەم
تۆ بەتیشکی من دەتوانی نەهێڵێت باغەکانت پیر بێت‌و
من بەڕوناکی تۆ دەتوانم ناوم لە سەر (با)و
تنۆکی باراندا بنوسم
*        *    *

تۆ باسی نوستن لەگەڵ هەوردا دەکەیت
من باسی مردنێك لەسەر چڵی هەوادا
ئێمە کە دڵمان هێندەی دڵی پەپوولەیەکە
ئاسمانێکمان دەوێ بەئەندازەی سێبەری خوداکان
قەفەزێکیش لە زێڕی هەتاو
بەلاَم ئەفسووس..
ئەوەی لە تۆ سەوز ئەبێ
تراویلکە رەنگاو ڕەنگەکانی منن
ئەوەی لە من ئەوەرێ
ماچە نەپشکوتووەکانی لێوی تۆن
لەتۆیش توانای نیشتنەوە
مەگەر لە ئاو جووتێ باڵ بخوازم
لە شەبەنگیش تۆزێك تارمایی،
لە سەر پردێکی لۆکەیی راکشێم
کە جەنگ لە یادیکردبێت خاپووریبکات
بەفرمێسك غەزەل لەسەر پەڕەکانی گەردەلول بنووسم
کەڤی شەپۆل بخۆمەوە
لەگەڵ درەختی وەهمیدا
ئەفیون بەڕەگ بگۆڕمەوە.